**بۆ هاوڕێ ئازیز ئازەری ماجدی**
**هاوڕیانی ڕابەری هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئێران**

بە بیستنی هەواڵی گیان لە دەستدانی هاوڕێی زۆر ئازیز و ڕابەرمان هاوڕێ (منصور حکمت) دڵی ئێمەی بە توندی گووشی و تەزاند ئەم کارەساتە جەرگ بڕە. چوونکە لە دەستدانی ئەو ڕابەرە خۆشەویستەمان مەئەساتێکی تاڵ و گران و ناخۆش بوو کە ئێمە هەمیشە لە پەنا دەستی خۆمانەوە دەمانبینی و پێویستمان پێی بوو بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی و گەیشتنمان بە دنیایەی باشتر.
وە ئێمە لەڕێگەی نووسینەوە بیر و بۆچوون و لێکدانەوەکانی هەمە ڕۆژەی ئەم ڕابەرە ئازیزەمان ئاشنا بووین بە کۆمۆنیزم و ئاسۆی کۆمۆنیستی ئێمەی ڕوونتر کرد. وە بە گیان لە دەستدانیشی لە ژیان و خەباتی هەمە ڕۆژەماندا جێگای ئەو خاڵی‌یە وە لە هەمان کاتدا ڕاستی و درووستی ئینسانی بوونی هیواو ئامانجەکانی ئەو ئاسۆیەی کە ئەو نەخشاندوویەتی بۆ ئێمە چرای ڕێی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگامانە لە خەباتی ڕۆژانەماندا و دەستی پێوە دەگرین. وە ئێمە لە ناخی دڵمانەوە هاودەردی و هاوخەمی خۆمان بۆ هاوڕێ ئازەر و منداڵەکانی و ڕابەرانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و ئێران و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی دەردەبڕین...............
هەمیشە لەگەڵتاندایین و لە ئامێزی خۆشەویستیتان دەگرین.

بژی منصور حکمت

بژی سۆسیالیسم

هاوڕێیانتان لە سلێمانی
شیراز لەتیف ___ بەختیار نادر
٥ی جولای ٢٠٠٢